**بۆ: کاوە گەرمیانی**

# "قەقنەس و... پێنووسێکی پێپەتی"

## نووسینی: شێرزاد حەسەن

*هەر کاتێك گوێم لە وشەی ***رۆشنبیر*** بێت..دەست بۆ دەمانچەکەم دەبەم..." گۆبلز ـ وەزیر کولتووری هیتلەر"

**دەستپێك:**

مێژووی مرۆڤایەتی هیچ نەبووە بێجگە لە ململانێ و جەنگێکی نەبڕاوە لەسەر بەدەستهێنانی سەربەستی، دیارە بۆ ئەوەش چەك و قەڵەم پێکەوە ئامرازی ئەو جەنگە درێژخایەنە بوون، ئامار و پێوانەیەکیش نیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کامەیان لە برەودا بووە و کاریگەری پتری هەبووە لەوەی هەنگاوێك ئێمەی لە سەربەستی

نزیکتر خستبێتەوە، بەڵام من خۆم پتر هاوسۆزی ئەوەم کە پێنووس پتر ئێمەی لە خەونی سەربەستی نزیکتر کردۆتەوە، بۆ هەمیشە کاروانی شەهیدانی قەڵەم بە خوێنی خۆیان وایان کردووە ئازادانەتر نووسەرانی بیر و ئەندێشە و ئاوەزی ئازاد ئازایانەتر چووك و پەڕەمووچ لە شووشەی مەرەکەب هەڵێنجن و لەو جەنگە پیرۆزە بەردەوام بن.

لەو کاراونەدا "کاوە گەرمیانی" جەنگاوەرێکی دلێری نەوەی نوێ بووە کە وتوویەتی **"نا"**. "ئۆشۆ" واتەنی: *گەرچی ئادەم بە یەکەمین باوکی هەموو مرۆڤایەتی ناسراوە، هەرگیز یەکەمین مرۆڤ و بوونەوەر نەبووە کە هاتبێتە بوون و دونیاوە، بەر لە ئادەم هەزارەها هەبوون، بەڵام هەموویان وتوویانە "بەڵێ"..ئێمە بێجگە لە ئادەم ناوی ئەو هەزارەهایە نازانین.*

بگرە یەزدان ـ یش باسیان ناکات، بەڵام تەنها ناوی "ئادەم" بە ئێمە گەیشت، چونکە وتوویەتی **"نا"**.. هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەمرۆکە دەیناسین..گەرچی پێشەنگ و سەرمەشقی ئەو ئازادییەش کە دنەی ئادەم ـ ی داوە و هەڵگەڕانەوەی لای ئادەم خۆشەویست کردووە دایکە "حەوا" بووە..!

له كوردستان به هەزارەها رۆژنامەنووسی لاو و هەژارتر له كاوه هەن، وەلێ كەسمان نایناسین، گەرچی رۆژانه ریپۆرتاژی جۆراوجۆر بڵاو دەكەنەوه، چونكه دەگمەنن ئەوانەی بڵێن "نەخێر"..زۆرینەش له منداڵییەوه به "بەلێ" ئاشنا كراوه چونكه دووره لەوەی گەردن له تیغ هەڵبسووێت.

**<u>پەخشانەكە:</u>**

كاوه "ئادەم"ێكی سەرزەمینییەو بۆنی خاك و خۆڵ وخەمی لێدێت و رەنگی برسییەتی وا له چاوانیدا، ئەم گەرچی تێر به سكی خۆی نەخواردووه، بەڵام وەك ئادەم ـ ی باوك "نەخێر"ی هەیه و له "درەختی حەرام" دەخوات، میوەكەی كاوه نه سێوه و نه گوڵەگەنم و نه هیچ میوەیەكی ناو بەهەشت، ئەم وەك ئادەمێكی خاكەرا و خەمزەده له خوداوەنده ستەمكارەكان و پیاوانی خێڵە خوێنخۆرەكانی كوردستان هەڵدەگەڕێتەوه و یاخی دەبێت و دەڵێت.."**نەخێر**".

هەمیشه باج و سزای "نەخێر" لێره و هەنووكه خوێنی سەر بووه، به دڵنیاییەوه كاروانی یاخی و سەركێشەكان درێژ بووه، به درێژایی مێژوو، ئێمەش دەمێك ساڵه لەو كاروانەدا بێ رێبوار و پیادەڕەو

نەبووین، چ زیندوو چ مردوو، درەختە حەرامەکەی کاوە یەکێکە لەو درەختە ئاگرگرتووانەی ناو گورگستانی سیاسەت و جەهەننەمەکەی ئێمە، کاوە بە تەنها ویستی ئاماژە بۆ یەك دوو گورگی ناو ئەو جەنگەڵ و دارستانە بکات نەك هەر هەموو گورگەکانی ناو ئەم بێشەڵان و جەنگەڵستانە، کاوە ویستی بیسەلمێنێت کە ماڵ و گەڕەکی زۆر هەن لە ناو ئەم دۆزەخە کە بەهەشتییەکانی نێو سیاسەتبازاڕی کوردی لەوە سەرمەستترن ئاوڕێك لەو جەهەننەمە بدەنەوە، ئەوان لەوێندەرێ و دەنێو کۆشك و قەڵا و قووللە و بورجی مینابەندە زێڕەوشانەکانیاندا مڕ و مەستتر بەو شەرابەی کە خوێنی سەدەهایە لە هاوسەنگەرانی خۆیان و.. شەرابێك تێکەڵ بە خوێنی کاوەو هاوڕێ جەهەننەمییەکانی..وەلێ مەحاڵە سەرخۆشانی عەیش و نۆشی ناو بزنس و سیاسەتبازی ئاوڕ لە گەڕەکە دۆزەخییەکان بدەنەوە. کاوە ویستی بیسەلمێنێت بە خوێنی خۆی کە ئەم بۆ خۆی و خاناوادەکەی خەمنشینی یەکێك لە کەلاوەکانی ناو زەمهەریر و سەرسەڕن لەسەر خاکێك کە ژێرەکەی زەریایەك لە دوڕ و یاقووت و گەوهەر و مرواری تێدایە بێئەوەی دانەیەکی بەر کاوە و هاوخەون و هاوخوێنەکانی بکەوێت، کەس ئاوڕی نەدایەوە، کەسیش کەلاوە گڕگرتووەکەی کاوەی نەبینی بەسەر لەپی پڕ لە گڕ و کلپەو بلێسەی

ئاگری جەهەننەمەوە، ناچار کاوە لە درەختی ئاگری دۆزەخەکە پشکۆیەکی وەك سێو یان هەناری ئاگرینی لێکردەوە کە بۆ خۆی پشکۆیەکی سووری یان پەنگرێکی تاقانە بوو کە تەنها بەشی ئەمی لێمابۆوە لەو پیرە درەختەی حەوشەی پەژموورەدەی ماڵە کاولبووەکەی خۆیان، ئەم هیچی نەکرد..تەنها و تەنها ویستی دیسانەوە بیسەلمێنێت کە ئەم و خەمنیشینانی "گەڕەکی دۆزەخییان" رۆژانە خەم و نانی سووتاو و ژەقنەبووت و فرمێسك و ئارەقە و خوێنی خۆیان دەخۆنەوە، بۆ میوەجاتیش بێجگە لە میوەی ئاگرینی درەختەکانی ناو جەنگەڵستانی جەهەننەم هیچ شك نابەن، هەر لە سۆنگەی ئەو قەهرە رەش و برسییەتییە کەڕوو هەڵهێناوەی ناو کەلاوەکان و..خەفەتی دایکە بێوەژنەکەی و ژنانی داغان و خەفەتخان و دەم بە هاوار و ناڵە و شین و شەپۆڕی بێوەژنە رووت و رەجاڵ و داماوەکانی بەردەم رەشەباو گەردەلوول و خۆڵبارانی گەرمەسێر، لە شەرمی تەنیایی "شیرین" و باقی کچانی بەجێماو لە دوای ئەنفال و غەزەوات و فتووحات.. لە داخی ژانی شین و مۆر هەڵگەڕاوی ئەو کوڕە چەلەنگانەی کە بێجگە لە دڵی گڕدار و تۆراویان هیچ شك نابەن بیخەنە سەر لەپی دەستیان و پێشکەشی بکەن بە دڵخوازە نامورادەکانیان، لە ترسی کەلاوەی زۆر

و زەبەندی بان تەپیوو و شان شکاوەکان، ئەو کەلاوانەی کە دەرگای پۆلایینی بە سورگی بەستراو و بە کلیل و قوفڵی زێڕین کلۆمکراو نین.. ئەو کۆلیت و کوخت و کەلاوانەی کە زۆر ئاسان.. بێ پرس و ترس ڕەشەبا و گەردەلوول و تۆفانی رقی ژنکوژ و پیاوکوژە لەپڕەشەکان تا بنەبانێ هەڵدەکوتنە ژووری ژوورەوەی دڵ و ڕۆح و خەون و کەلاوە خانەخراپەکان..یان گەر دەرگاکانی لە گوێنی بن یان تەنەکەی ژەنگدار بۆ هەمیشە و تا قیامەت کراوە و وازن..هەرگیزاو هەرگیز داناخرێن..ئاخر بێجگە لە مرواری فرمێسکەکان و پشکۆی خەم و دڵی پڕ لە کسپەو هەقایەتی نەبڕاوەی برسییەتی چی هەیەو چی ماوە کە چەتەکانی تالانکەری خاك و خەڵك و خەونی ئێمە: بیدزن؟ کاوەی کەلەکەوێت چەندەها بەیت و بالۆرەو هۆرەی گەرمیان و لاوکی سووتاوی گەرمەسێر و حەیرانی پڕ لە حەیف و حەیبەت و حەسرەتی چڕی و هۆنییەوە، بە بای وەشتی ناو جەرگەی ئەو جەهەننەمە ناردی بۆ خوداوەندەکانی خۆشنوودی و بەگزادەکانی بەرگ ئاوریشمین و خۆشینشینی بەهەشتی ئەودیو سنووری خاکی سووتماکی بیابانی قاقڕ و قەڵشتی، بێهوودە بوو..بێهوودە..لە خەم و داخ و شەرمی ئەو هەموو جۆگەلەی فرمێسك و رووباری ئارەقە و دەریاچەی خوێنە کاوە

ناچار بوو لە "درەختی حەرام" بخوات و هەڵبگەڕێتەوە..کە رەگ و ریشەی قووڵ رەگاژۆ تا ناو هەناوی بەتاڵی هەژاران رۆیشتبوو، لە پاشماوەی ئەو خوێنە کەمەی ناو دەمارەکانی ئەوانی دەخواردەوە..لە پاشماوەی خۆڵەمێشی سووتاوی دڵ و رۆحی ئەوان..لەو فرمێسکە گەرمانەی رژابوونەوە ناو هەناوی خاکی سووتەمەرۆ.. کاوە دوا جار دەستی بۆ درەختی حەرامی ئاگرین برد، لیرە و لەوێدا، هێشووە هەشی رەشی بە دەستەوە دەهات کە بۆڵووە ترێکانی هەر پشکۆ بوون، لەولاتر درەختێکی دیکە قرچە قرچ لە رەگەوە دەسووتا، دەنێو حەوشەیەکی پەژموورددەدا، کە منداڵەکانی ببوون بە داهۆڵی سووتاو، بە ترسەوە دەستی دا لە منداڵەکان و بوون بە خۆڵەمێش و رژانە بەر پێیان، لەولاتر چەندین درەختی نیوە رووت و پرچ هەڵکروزاوی بینی هەر وەك ژنان و کچانی بیابانی عەرعەر، سینە والا و سووتاو لەبەر گڕی هەتاوی گەرمەسێری جەهەننەم ئاسا، کچۆڵەیەکی رەنگ و سیما قەرەجی، قژ بژ و ئاڵۆزکاو و کراوە بۆ شین و داد و فیغان و واوەیلای پاش لە چاڵنانی باوك و دایك و براو خوشکانی بن لم کەوتووی بیابانی عەرعەر، خۆی بوو.."شیرین"ی هاوسەری.. بالایەك لە گڕ و بڵێسە کە بەدەم هاوارەوە رووەو کاوە شێتانە و تەنگەتاو..دڵی وەك سکڵ

ئاسای لەسەر دەستان بە هەویای ئەوەی بە هانای گوندی سووتاو و ژنان و منداڵان و پیرەژن و پیرەمێردەکانەوە بێت و فریایان بکەوێت کە بەرگ و سیپاڵی بەریان بێجگە لە ئاگری ئەو جەهەننەمە هەڵایساوە هیچی دیکە نیە..کە لەوە دەچوو قیامەتی نزیك خستبێتەوە..ئەمڕۆکەش هەر هەمان سووتان و گڕکان و بوومەلەرزەو حەشر و تۆفان و دۆزەخە !

دوا جار کاوەی خەونبین خەونی بەوەوە بینیوە کە ناکرێت شانازی بەو ناوەی خۆیەوە نەکات کە بێگومان هەموو رۆژێك و لەوەتەی فامی کردۆتەوە و ئەو هەموو "زووحاك"ە دەبینێت کە مێشکی لاوەکان دەرخواردی مارە رواوەکانی سەر شانیان دەدەن..دۆش داماو بە دیار دایکانی هەناو هەڵقرچاو..دەبوو ئەو ناوەی خۆی خەسار نەکات و هەر وەك "کاوەی ئاسنگەر" بە رووی پادشا خوێنخۆرەکاندا هەڵبشاخێت.

کاوە پەرێشانەو دەخوازێت بیسەلمێنێت کە ئەم و هاودەردەکانی کرێچی کەلاوەکانی ناو گڕکانەکانی دۆزەخن و رۆژانە دەسووتێن..وەلێ هیچ کامیان ئاوڕی نەدایەوە..هیچ کەسێك لە خوداوەندە خوێنخۆرەکان و میرەکانی جەنگ: سەرمەست و

بەدمەست و ملهوڕەکانی فیردەوسی قاڕی بازاڕ و راوکەرانی خەون و خەیاڵ و خوێن و خەندەو خۆزگەکانی خەڵکانی ناو گەڕەکەکانی دۆزەخی نەبینی..هەر هەموو خواپێداوەکان گوێ کەڕیلەو رۆح سیس و دڵ مردوو..کاس و کەیل و بێئاگا لە هەلەکەسەمای خۆیان بەسەر ئێسك و پرووسك و کەللەسەری هەمنیشینان..کاوەی ناچار و نائومێد و دڵسووتاو بارتەقای سووتانی پێدەشتە گڕگرتووەکانی گەرمیان..دڵگەرمانە نزیك دەبێتەوە لە دەروازەو پەنجەرەو دڵە هەمیشە داخراوەکانی ئەوان بەسەر سەدەها پلانی رەش و نهێنی کوشتنی خەون و پەیماننامەی تازەو کۆنی مۆرکراو بۆ فرۆشتنی رووبار و مێرگ و شاخ و خوێن و ناموسی خاك و خۆزگەکانی خەڵك و کەندووی بەتاڵی بێوەژن و خەیاڵی زۆر شەرمنی قەیرە کچانی جێماو و ئافەرۆز لە دوای ئەنفال و ئافاتەکان..کاوە بەم هەموو حەسرەت و گڕ و هاواری خنکاوتر لە هەناسەی خنکاوەکانی لە گۆڕنراوی ژێر خۆڵ و لمی ئاگرینی سەحرای "عەرعەر"..هەر بەو داخ و ئاخەوە تاو دەدات و لە هەر درەختێکی سووتاوی گەڕەکەکەی خۆیان میوەیەکی حەرام لێدەکاتەوە و دەخوازێت بە دایناسۆرە خۆشبەختەکانی پیشان بدات کە گوناهە ئەوان تا قیامەت ئەهلی جەهەننەم بن..میوەی حەرامیش بێجگە لە پشکۆکانی ناو ئەو

دۆزەخە هیچی دیکە نەبێت.. وەلێ هەیهات..خوداوەندەکانی کڕکەوتوو بەسەر عەرشەکانی خۆیانەوە چاو دادەخەن.. ناچار بە هەڵەداوان لە هەر ماڵێکەوە دڵێکی سووتاو و قەرەبرووت دەهێنێت کە هەر بە قەد سێوە حەرامەکەی دایکە حەوایە..وەلێ ئەفسووس و هەزار حەیف و موخابن کە هەمووان گوێ دادەخەن لە قرچە قرچی سووتانی دڵەکانی دایکە جەرگ سووتاوەکان سایلی "سنەوبەر" بە کۆستی کاوە کە بە خەمەوە نزا و نماز دەکەن کە خودایە هێشتا زوو بوو بۆ گۆڕەوشار و حەشر و نەشری قیامەت کە لێرە و هەنووکە هەموو رۆژێکمان قیامەتە..دایکانی نیشتەجێ دەنێو کوورەکانی دۆزەخ..ئاخر هەر رۆژێك و عیسای مەسیح ـ ێك بە دیار چاوەکانی مریەم ـ ێکەوە لە خاچ دەدرێت..ورتە ورتی دەگاتە من و دەیبیستم: وای لە من..وای لە من..چ بێهوودەیە خوێنڕژانم وای لە من کە هیچ "ڕایەڵ"ەیەکم لەگەڵ زەوی و ئاسماندا نەما..پێش داتەپینی ئاسمانەکان هاوار دەکات : هۆ خودای خۆم.. بۆچی وا بە تەنیا بەجێتهێشتم..؟!

کاوەی پەرۆش و سەرلێشێواو بە دەست سووتان و هەڵقرچانی ئەو هەموو دڵانە..چاوانە..گلێنانە..دەست و پەنجانەوە..میوە حەرامەکانی ئەو باخ و بێستان و دارستانانە..یەکە یەکە پشکۆکان

دەخوات..تا بیسەلمێنێت کوڕی کون لە جەرگ و جەربەزەی کوچەکانی جەهەننەمە..بەو پیرە پایزە گەرەکییەتی بسووتێت تاوەکو لە ئاگر و خۆڵەمێشی جێماوی دوای خۆی "قەقنەس" ئاسا زیندوو ببێتەوە و هەر لە خۆڵەمێشی جەستەی زێدە باریك و بنێسی ناو خەم و زەمهەریری ژیان موعجیزە بنوێنێت: پەڕ و باڵ دەربکات و بفڕێت تا سەر لە نوێ کۆتر ئاسا مژدە بدات کە خەریکە ئەو تۆفانـی نووح ئاسایە بنیشێتەوە..وەلێ ئەفسووس و هەزار جەخار..هێشتا تازە سەرەتای لافاوەکەیە..ئەویش "نوح"ێکی جوانەمەرگ و مایەپووچ!

سەدەها تەپکەو داو و فاقە و تەڵەو زنجیر و قەفەز "ئەم" لە فڕین ناخەن..قەقنەسەو بەرزەفڕ ئاسمان پڕ دەکات لە چریکەی خوێناوی کە بەسەر کۆشك و تەلارەکاندا چریکەی ئەو خوێن و زووخاوە دەڕژێت...

گەرچی رۆحی فڕیوی وەك قەقنەس گەیشتۆتە بن پەڕەکەی ئاسمان..وەلێ لێرە و لە سەر زەمینی هەژاراندا هێشتا وا دەنێو ژیلەمۆ و خۆڵەمێشەکەدا..تا هەنووکەش "شیرین" ی دڵپەژموردەو دایکە "سنەوبەر" ی سووتاو بە پێوە و ماتەمگێڕان بە دیارییەوە

وەستاون.. دلێکی گەرم  و خەیاڵباز خەونان دەبینێت کە وەك رۆحی قەقنەسەکە بۆ جاری دووەم لە شەرمی هەتیوکەوتنی "پێنووس" ی کوڕی لەو خۆڵەمێشە خۆی دەرباز بکات..شیرین شیوەن دەکات و قژ دەڕنێتەوە بە دیار کولّ و کۆی جەستەی دامرکاوی کاوە..قیژە و نەعرەتەو هاوارێکی دیکەی شیرین و کروزانەوەی دایکەو واوەیلا و داد و فیغانی خوشك و براو  کۆی گریەو زاری دۆزەخ نشینان لە خەو رایدەچەنێت و ئەمجارەیان کاوەی غەریبەماڵ و رەنجەرۆ خۆی لێدەبێت بەو "فەرهاد"ەی کە بە هاواری "شیرین" ی دڵخوازی رادەچڵەکێت و  لە ناو خەون و خۆڵەمێشدا رادەبێت و لەو خەوە قووڵە بێدار دەبێتەوە..مەرج و داوای یاری چاو بەڵەکە کە خەریکە گوند و شار لە بێ ئاوی دەخنکێن..شیرین دەژنەوێت:

ـ هۆ فەرهادەکەی خۆم.کوانێ دەست و بازوو و قوڵنگەکەت؟  ئیدی مەرجە لە پێناو تەقاندنەوەی کانیاو و هێنانی ئاو و جۆبار ئەو کێوی "بیستوون" ە  بە قوڵنگەکەت بکوتیت و کونبەدەری بکەیت..دەنا وەدەستهێنانی دڵی من مەحاڵە..مەرجە دێوەکان بکوژیت کە بەر و سەرچاوەی هەموو ئاوەکانیان گرتووە..گەر نا هیچ نەبێت بۆ ناوەکەی خۆت بە وەفا بە..ئەویش کە هیشتا پشکۆکان دەخوات

کاوەی ئاسنگەر ئاسا تاو دەدات زووحاکی زەمان بکوژێت..بەر لەوەی چەکوشەکەی رابوەشێنێت سەرسمێك دەدات و لەپەو ڕوو لەبەر پێیەکانی زووحاك ــ دا دەکەوێت کە شاگەشکە بەو قوربانییە تازەیە ئاوڕ لە هەر دوو مارە رواوەکەی سەر هەر دوو شانی دەداتەوە و دەخەنێتەوە کە مۆخی ئەو لاوە سەرشێتە ژەمی ئەمرۆکەی مارە خۆشەویستەکانی ئەون..بەڵام نا.. هەقە ئەوەیان ببێت بە وانەی سزایەکی ئەبەدی و دەنێو کوورەیەکی خۆیدا بسووتێت..ئەم دیسانەوە قەقنەسەو دەسووتێت..دەسووتێت و دووکەڵی رۆح و جەستەی زەوی و ئاسمان دەتەنێتەوە.

کەچی قەقنەسی خەونبین کۆڵ نادات و هەر دەفڕێت و خەون بەوەوە دەبینێت لە نێوان دۆزەخ و لافاودا ئەم لە کوێ بنیشێتەوە.. قەقنەسێك وا بە ئاسمانەوە لەو دۆزەخ و لافاوە دەڕوانێت و درەختێك نەماوە تاوەکو بەسەرییەوە بنیشێتەوە، لەو لاوە لافاوێکی هار و هاج شێتانە شەپۆلەکانی دەگەنە بن پەڕ و باڵی کە ناچاری دەکەن بەرزتر بفڕێت..

ئیدی قەقنەسێکەو هێشتا بەدەم فڕینەوە خەون دەبینێت..ئەوەندە باڵەکانی لێکداوە کە شاپەڕ و گەندە پەڕی باڵەکانی

هەڵوەرین..کەچی تا هەنووکەش خەون دەبینێت..خەون و هیچی دیکە..خەون و..بەس..!
(١٢-١٢-٢٠١٣)

**پەراوێز:**

- شیرین: هاوسەری شەهید + شیرین ـ ی ناو داستانی شیرین و فەرهاد.
- سنۆبەر: دایکی شەهید + درەختی سنۆبەر..گەرچی لە ریپۆرتاژێکی دیکەدا وەك "سنوور" ناوزەد کرابوو، من یەکەمیانم پەسند کرد.
- پێنووس: ناوی مەزەندەکراوی کۆرپە لە دایکنەبووەکەی شەهیدە، سەرباری ناوەکانی دیکە: ڕایەڵ و ئایدیا و ئامەد.
- ١٢-١٢-٢٠١٣: ساڵیادی زەماوەندی شەهیدە.